# ترایگلۆسیا لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان

سالار فائق مجید ، محمد حسین احمد
زانکۆی گەرمیان، کۆلێجی زانست

پێشەکی:

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (ترایگلۆسیا لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان) توێژینەوەیەکی کارەکییە و هەوڵێکە بۆ خستنەڕووی ئەو هەلومەرجە زمانییەی، کە ئاخێوەرانی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم پێیدا تێدەپەڕن، ئەویش بەکارهێنانی هەردو زمانی (عەرەبی) و (کوردی) و شێوەزارێك، ئەم دیاردەیەش لە زانستی زمانی کۆمەڵایەتیدا بە (ترایگلۆسیا) ناسراوە.

لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی پەسنی شیکاری پەیڕەو کراوە، بە پێی پێویستی هەندێك بابەتی توێژینەوەکە، سود لە ڕێبازی مێژوییش وەرگیراوە. بەمەبەستی سنوردارکردنی بواری توێژینەوەکەو وردبونەوە بە سەرجەم لایەنەکانی دیاردەی ترایگلۆسیا لە ناوچەکە، تەنها سنوری (ناوەندی قەزای خانەقین و گوندەکانی دەوروبەری) بەنمونە وەرگیراوە، هەروەها لە ڕوی کاتیشەوە، قۆناغی دوای پرۆسەی ئازادی عێراق (2003) تاکو (2016) سنوری توێژینەوەکەیە .

توێژینەوەکە جگە لە پێشەکی و ئەنجام و سەرچاوەکان و ئەم پوختەیە، لە سێ تەوەر پێکهاتووە:

تەوەری یەکەم: ناساندنی زاراوەو چەمک و پێناسەی (ترایگلۆسیا) وەک زاراوەیەکی نوێی زمانەوانی کۆمەڵایەتی، لەگەڵ خستنەڕوی چەند زاراوەیەکی نزیك وپەیوەست بە دیاردەی ترایگلۆسیا وەك (دایگلۆسیا، بلنگوالیزم، سیاسەتی زمان و پلانی زمان و فرەزمانی).

تەوەری دووەم: چەمك و جوگرافیاو سنوری هەرێمی کوردستان و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم ناسێنراوە، لەگەڵ خستنە ڕوی جوگرافیای قەزای خانەقین و ناحیەکانی، هەروەها ژمارەی دانیشتوان و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی قەزاکە.

تەوەری سێیەم: لەم تەوەرەدا باسی ترایگلۆسیا لە ناوەندی قەزای خانەقیندا کراوە، کە سێ جۆر زمان بەکاردێت (زمانی کوردی، زمانی عەرەبی، شێوەزاری خانەقینی)، پاشان هۆکارەکانی پەیدابونی ترایگلۆسیا لە قەزای خانەقیندا خراوەتەڕو، هەروەها ڕێژەی بەکارهێنانی هەریەك لە (زمانی کوردی و زمانی عەرەبی و شێوەزاری خانەقینی) لە (8) بواردا باسی لێوە کراوە، کە بریتین لە: (گفتوگۆو ئاخاوتنی ڕۆژانە، پەروەردەو فێرکردن، خوێندنی باڵا، دامودەزگاو فەرمانگەکانی میری، وتاری ئاینی، ڕاگەیاندن، ئەدەب و هونەر، تابلۆی سەر شەقام و دوکان و ...)، لایەنی بەهێزی و لاوازی (زمانی کوردی و زمانی عەرەبی و شێوەزاری خانەقینی) ڕونکراوەتەوەو بە وردی تیشکی خراوەتەسەر.

لە کۆتایشدا گرنگترین ئەنجامەکان خراوەتەڕو دواتر لیستی سەرچاوەکان.

تەوەری یەکەم:

زاراوەو چەمك وواتای ترایگلۆسیا

زاراوەی (Triglossia) بۆ یەکەم جار لەلایەن (Mohamad H. Abdul Aziz-Mkilifi) هوە لەساڵی (١٩٧٢) بەکارهێنراو ناسێنرا، بەمەبەستی تێگەیشتن لە هەلومەرجی زمانەوانی کۆمەڵایەتی لە (تەنزانیا)، کە تێیدا زمانە ناوچەیی و هەرێمی و نافەرمییەکان لە پەیوەندیی و گفتوگۆی نێوان گروپەکاندا بەکار دەهێنران، هەروەها زمانێکی هاوبەشی ستاندار، لەگەڵ زمانێکی دیکەی جیهانی بۆ بەشێک لە کارو ئەرکە باڵاکاندا بەکاردەهێنران. (So, Daniel W.C , 1989: 40)

دەكرێت زاراوەی ترایگلۆسیا هاوشێوەی بەكارهێنانی سێ زمان لە كۆمەڵێكی هاوزماندا پێناسە بكرێت، كە هەریەك لەو زمانانە خاوەنی دەستەیەكی جیاوازی ئەركی كۆمەڵایەتین. (Nina G. Kheimets, Alek D. Epstein, 2006: 6)

ئەم دۆخە زمانییە ئاماژە بۆ هەلومەرجێكی زمانی دیاریكراو دەكات ، كە هاوكات سێ جۆر زمان یان زار بەكاردەهێنرێت ، هەریەكەیان بۆ بەجێهێنانی ئەركێكی دیاریكراو ، بۆ نمونە لە تونس فەرەنسی و عەرەبی ستاندارد و عەرەبی تونسی لەیەك كاتداو بۆ مەبەستی جیاجیا بەكاردەهێنرێن (پیتەر هانز نیلدە، 2010: 158) .

دەتوانین زمانە جیاوازەكان بە بوارە كۆمەڵایەتییە جیاوازەكانەوە پەیوەست بكەین، ئەو بوارانەش لە هەرەمێكدا پلەپلە بكەین. لە سنوری ناوچەكانی ئەفریقادا زۆرجار بەپێی ئەم پێوەرە سێ پلەی دیاریكراو بونیان هەیە، زمانە ئەوروپییەكان باڵاترینن، زمانە نێونەتەوەییە ئەفریقییەكان بە پلەی دووەم دێن، زمانە ناوچەییەكانیش نزمترینن. (Di Carlo, Pier Paolo and Jeff Good, 2017, 6-7)

(Johnson) پێی وایە ترایگلۆسیا جۆرێك لە ڕەوشی زمانی دەخاتە ڕو، تێیدا دابەشبوونێكی ناچوونیەكی ئەركەكانی گەیاندن و پەیوەندیی نێوان سێ زمانی جیاواز ڕوودەدات، كە ئەوانیش بریتین لە زمانێكی ناوچەیی و نافەرمی، كە لە سنورێكی دیاریكراودا بەكاردێت، هەروەها دوو جۆر زمانی ئاوێتە بەیەكتربووی دیكە، یەكێكیان زمانێكی ناوەندی و هاوبەشەو پێكهاتووە لەچەند زارێك، كە بەهۆیەوە خەڵكی ناوچەكە دەتوانن لەیەكتر تێبگەن، ئەوی تریش زمانێكی جیهانیی ناسراوە، هەرگیز ئەو سێ زمانە وەك پێویست، پەیوەندیدارو پەیوەست نین بەیەكترەوە. ئەم حاڵەتەی زمان ، بەشێوەیەكی بەرچاو لە ئەفریقاو هاوشێوەكانی لە خۆرهەڵاتی ئەفریقادا تێبینی دەكرێت ودەبینرێت. بەتایبەتی لەو شوێنانەدا كە ژمارەیەكی زۆر لە زمانە نەتەوەییەكانی ئەو ناوچەیە لەگەڵ سواحیلی و ئینگلیزیدا لە پەیوەندییەكی (ترایگلۆسیا)دان. ( Johnson, Bruce C. 1975:93)

لە ڕوانگەیەكی ترەوە دەكرێت بڵێین ترایگلۆسیا بریتییە لە بەیەكداچوون و یەكتیبڕین لە نێوان دو حاڵەتی دایگلۆسیای گەشەكردودا. ئەمەش دۆخێكە كە سێ زمانی سەربەخۆ ڕۆڵی جیاواز لە نێو كۆمەڵە جیاجیاكاندا دەبینن و هەریەك لەو سێ زمانەش خاوەنی شەقڵ و تایبەتمەندی و هێڵی جیاكەرەوەی تایبەت بە خۆیانن ، بەڵام لە هەمان كاتدا خاوەنی ئەرك و كاری هاوبەشن. بەم پێودانگە ترایگلۆسیا ڕەوشێكە ، كە تێیدا سێ زمان لە چوارچێوەیەكی سنوردارو دیاریكراودا، هەندێك ڕۆڵی تەواوكار لەگەڵ یەكتردا دەبینن[1].

چەند زاراوەیەكی پەیوەست بە بابەتەكە:

1- دایگلۆسیا

دایگلۆسیا لە زۆرینەی كۆمەڵە هاوزمانەكاندا هەستی پێدەكرێت، كە دوشێوەی هەمان زمانە لەناو كۆمەڵێكی هاوزماندا.

دایگلۆسیا بەلای (Ferguson) فێرگسۆنەوە بریتییە لەوەی كە: (ئاخێوەران لەچوارچێوەی یەك زماندا، بەپێی بارودۆخی جیاواز شێوازی ئاخاوتنی جۆراوجۆر بۆ مەبەستی جیاواز بەكاردەهێنن) (بڕوانە: Abeer Al-Mohsen,2016, 19) و (بێستون ئەبوبەكر عەلی، 2015: 72)

فێرگوسۆن لە لێكۆڵینەوەكانیدا لەبارەی دایگلۆسیا دوو شێوەی زمانی جیاكردۆتەوە:

1. شێوەی ئاخاوتنی باڵا (High Variety): هەمیشە بەشێوەی زاری ستاندارد دەردەكەوێت.
2. شێوەی ئاخاوتنی نزم (Low Variety): بەشێوەی زارو شێوەزاری گشتی و ناوچەیی دەردەكەون. (ابراهیم صالح فلای، 1996: 19)

2- بلنگوالیزم

---

[1] - بۆ ئەم باسە سود لە (https://www.blogarama.com/arts-and-entertainment-blogs/193152-tanvirs-blog/257179-diglossic-situation-bangladesh) وەرگیراوە.

بلنگواليزم چەمكێكی ئاڵۆزی هەیەو زانایان بەچەند جۆرێك لێكدانەوەیان بۆ كردوە، بەڵام بە شێوەیەكی گشتی بریتییە لە توانای بەكارهێنانی دو زمان لەلایەن یەك كەسەوە كە بە (بلنگوا) ناودەبرێت[2]. (Bloomfield) سەبارەت بە بلنگواليزم دەڵێت: (مەبەست بە بلنگواليزم ئەو كەسەیە كە بتوانێت بەسەر دوو زمان یان زیاتردا زاڵ ببێت، بەشێوەیەك كە بتوانێت زمانی دووەمیش وەكو زمانی یەكەم بەكاربهێنێت، ئەو كەسانە بە بلنگوا دەژمێردرێن. (ارا علی احمد، 2015: 160)

3- سیاسەتی زمان و پلانی زمان

سیاسەتی زمان بەوە لێكدەدرێتەوە كە سەرڕای ئەو ڕێگایانە دەگرێتەوە كە لە بواری پەیوەندییەكانی نێوان زمان و ژیانی كۆمەڵایەتیدا پیادە دەكرێن، بەتایبەتی پەیوەندی نێوان زمان و ژیان لە وڵاتدا، بەڵام (پلانی زمان) بریتییە لە گەڕان بە دوای هۆكاری پێویستدا بۆ پیادەكردنی (سیاسەتی زمان)وچۆنییەتی جێبەجێ كردنی ئەو هۆكارانە. (لویس جان كالفی، 2012: 151)

4- زمانەوانی سیاسی

لە ساڵی (1957ز) زمانەوان (بل. ج. ڤ. د Bell. J. V. D) زاراوەی زمانەوانی سیاسی بەرامبەر بە كاریگەری سیاسەت لەسەر بەكارهێنانی زمان یان كاریگەری سیاسەت لەسەر زمانێكی دیاریكراو لە كۆمەڵگەیەكی فرە زمانی بەكارهێنا، بەولقە لێكۆڵینەوانەش دەوترێ زمانەوانی سیاسی. (ئازاد عەزیز سلێمان، 2014: 18)

5- فرەزمانی

بریتییە لە تواناو لێهاتویی كۆمەڵ بۆ سود وەرگرتن لە دو زمان یان زیاتر، بەمەبەستی ئاخاوتن و بەكارهێنان، هەروەها هەر ئاخێوەرێك دەگرێتەوە كە ئەم توانایەی هەبێت. (ئازاد عەزیز، 2014: 42) فرەزمانی ڕەوشێكی تایبەت نییە بە ناوچەو هەرێمێكی دیاریكراوەوە، هاوكات سیمایەكی جیهانی سێیەم و وڵاتانی گەشەسەندو نییە بە تەنها، بەڵكو دیاردەیەكی هاوبەشەو هەمو وڵاتانی گرتۆتەوە. (لویس جان كالفی، 2012، 47)

تەوەری دووەم: ناوچە كوردستانییەكانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی كوردستان

هەرێمی كوردستان و ناوچە كوردستانییەكانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم

هەرێمی كوردستان زاراوەیەكی نوێیەو لەپاش ڕاپەڕینی (1991)و هەڵبژاردنی یەكەمین ئەنجومەنی نیشتیمانی كوردستان لە ساڵی (1992)هوە بەكارهات. لەئەنجامی ئەو ڕاپەڕینەدا بۆ یەكەمین جار لە خەباتی نیشتیمانی گەلی كورددا زۆربەی جوگرافیای باشوری كوردستان ئازاد كرا، بەڵام دواتر كەوتنەوە بەر هێرشی ڕژێمی بەعس، لەگەڵ ئەوەشدا دەستكەوتێكی گەورە بۆ كورد بەدەست هات، چونكە هەرێمی كوردستان ڕوبەری (48،1%)ی سەرجەم باشوری كوردستانی گرتەوەو (51،9%)ی لەژێر دەسەڵاتی حكومەتی عێراقدا مایەوە.

پاش ڕوخانی ڕژێمی بەعس و پێكهێنانەوەی حكومەت و نوسینەوەی دەستوری هەمیشەیی كۆماری عێراق لە ساڵی (2005)، چارەنوسی ئەو ناوچانە لە مادەی (140)ی دەستوری هەمیشەیی عێراقدا چەسپێنراو تێیدا سەرژمێری و ڕاپرسی وەك نەخشەڕێگای چارەسەركردنی كێشەكان دانرا، بۆ دیاریكردنی ئارەزومەندی هاونیشتیمانیانی ئەو ناوچانە، هاوكات ناوچەكانیش بە دەستەواژەی (ناوچە جێناكۆكەكان – المناطق المتنازع عليها) ناوبرا. (بڕوانە: سەركەوت عەبدوڵا دەروێش، 2014: 28-31) و (بشیر صادق، 2016: 65-68)

ئەو ناوچانە لای كوردەكان بە (ناوچە دابڕاوەكان، ناوچە دابڕێنراوەكان، ناوچەكانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، ...)و لای بەرپرسانی عەرەب (المناطق المختلطة، المناطق المختلف عليها، ... تاد) گوزارشتی لێ دەكرا، ئەم دۆخەش وای كرد، كە پەرلەمانی هەرێمی كوردستان لە بەرواری (2013/4/24) بە زۆرینەی دەنگ بڕیار بدات لەسەر گۆڕینی ناوی (ناوچە كێشە لەسەرەكان) بۆ (ناوچە

[2] - بڕوانە: https://www.britannica.com/topic/bilingualism .
https://www.asha.org/practice/multicultural/issues/bll.htm
https://www.asha.org/practice/multicultural/issues/bll.htm

کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم)، کە لە (13) قەزا و (52) ناحییە پێکدێن. (سەرکەوت عەبدوڵا دەروێش، 2014: 51) ، هەربۆیە لەم توێژینەوەیەشدا زاراوەی (ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم) پەسەند کراوە.

بەپشت بەستن بە بەڵگە مێژوویی و جوگرافییەکان لەلایەن گەڕیدەو نوسەرە بیانی و عەرەب و کوردییەکانەوە، هەروەها ئینسکلۆپیدیای وڵاتانی عەرەبی و ئەوروپی و ئەمریکی و دەقی قاموسی ئەعلامی تورکییەوە دەیسەلمێنن کە ئەم ناوچانە لە مێژویەکی کۆنتردا نیشتمانی کورد بوون. (بڕوانە: هەورامان کەمال میرزا وتارق رەئوف، 2008: 185-198)

سنوری ناوچە کێشە لەسەرەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراقی عەرەبی، لە مەندەلییەوە بە سنوری ئێراندا دەستپێدەکات و بە ئاراستەی باکور درێژ دەبێتەوە، بەرەو ڕۆژهەڵاتی ڕوباری دیجلە هەتا دەگاتە شەنگار لە سنوری سوریا. (بشیر صادق، 2016: 66)

لەڕوی جوگرافییەوە ئەم ناوچانەی لای خوارەوە دەگرێتەوە:

1. پارێزگای کەرکوك بەسەرجەم قەزاو شارەدێکانییەوە.
2. قەزاکانی حەمدانییە، تەلکیف، شێخان، تەلەعفەرو شەنگال، لە پارێزگای موسڵ.
3. قەزای خانەقین و میقدادیە، شارەدێی مەندەلی و قەزانییە لە پارێزگای دیالە.
4. قەزای بەدرە لە پارێزگای واسیت.
5. قەزای مەخمور لە پارێزگای هەولێر. (ئازاد عەزیز سلێمان، 2014: 77-78)

بە مەبەستی سنوردارکردنی چوارچێوەی توێژینەوەکەو قوڵبونەوە لە کرۆکی بابەتەکەدا، تەنها سنوری قەزای خانەقین وەردەگرین و تیشکی توێژینەوەکەی دەخەینەسەر.

## جوگرافیای قەزای خانەقین

قەزای خانەقین بەشێکە لە خاکی هەرێمی کوردستان، دەکەوێتە باکوری ڕۆژهەڵاتی پارێزگای دیالەوە، سنورەکەی لە باکورەوە بە چیای (بەمۆ) لە پارێزگای هەڵەبجە جیا دەبێتەوە، لە باشورەوە بە چیای (حەمرین) دەورە دراوە، کە جیای دەکاتەوە لە هەردو قەزای مەندەلی و شارەبان، لە ڕۆژئاوایشەوە بە ڕوباری (سیروان) لە هەردو قەزای کەلار و کفری جیا دەکرێتەوە، هەروەها درێژبونەوەی زنجیرەچیای (زاگرۆس) سنوری ڕۆژهەڵاتی قەزاکە دیاری دەکات، کە هاوکات بە سنوری نێودەوڵەتی هەردو وڵاتی عێراق و ئێرانش دادەنرێت. (خلیل اسماعیل محمد، 1977: 8-10) ڕوبەری قەزاکەش بەپێی سەرژمێری ساڵی (1987) (3915کم$^2$) بوە. (بشیر صادق، 2016: 237)

قەزای خانەقین لە ناوەندی قەزاکەو چوار ناحیە پێکهاتووە:

1. ناوەندی قەزای خانەقین: ڕوبەری ناوەندی ئەم قەزایە بەپێی سەرژمێری ساڵی (1987) (1288کم$^2$)بووە، سنورەکەی لە باکورەوە ناحییەی قۆرەتوو، لە ڕۆژهەڵاتەوە سنوری وڵاتی ئێرانە، لە باشورەوە قەزای مەندەلی و لە ڕۆژئاواوە بە ناحیەی جەلەولاو لە باشوری ڕۆژئاواوە بە ناحیەی سەعدیە دەورە دراوە. (هەورامان کەمال وتاریق ڕەئوف، 2008: 152)

2. ناحیەی جەلەولا: شارۆچکەی قەرەخان (جەلەولا) سەنتەری کارگێڕی ئەم ناحیەیە پێکدێنێ، سنورەکەی لە باکورەوە ناحیەی قەرەتەپەیە، لە باشورەوە قەزای مەندەلیە، لە ڕۆژهەڵاتەوە ناوەندی قەزای خانەقینە، لە ڕۆژئاواشەوە ناحیەی سەعدیەیە، ڕوبەرەکەی بەپێی سەرژمێری ساڵی (1987) (467کم$^2$) بووە. (بەشیر صادق، 2016: 237-238)

3. ناحیەی قۆرەتو: قۆرەتو ناوەندی کارگێڕی ناحیەی قۆرەتووە، سنورەکەی لە باکورەوە ناحیەی مەیدانە، لە باشورەوە قەزای خانەقین، لە ڕۆژهەڵاتەوە کرماشانە، لە ڕۆژئاواوە قەزای کەلارە، ڕوبەری ئەم ناوچەیە بەپێی سەرژمێری ساڵی (1977) (925کم$^2$) بووە. (بشیر صادق، 2016: 238)

4. ناحیەی سەعدیە (قزلربات): شارۆچکەی قزلربات بە ناوەندی کارگێڕی ئەم ناحیەیە دادەنرێت، سنورەکەی لە باکورەوە قەزای کفری و لە باشورەوە (بەلەدروز)و لە ڕۆژهەڵاتەوە ناوەندی قەزای خانەقین و لە ڕۆژئاوایشەوە قەزای شارەبان دەوریان داوە. (هەورامان کەمال وتاریق ڕەئوف، 2008: 153)

5. ناحیەی مەیدان: مەیدان ناوەندی کارگێڕی ناحیەی مەیدانە، سنورەکەی لە باکورەوە پارێزگای هەڵەبجە و قەزای دەربەندیخانە، لە باشورەوە ناحیەی قۆرەتو، لە ڕۆژهەڵاتەوە پارێزگای کرماشانە، لە ڕۆژئاواشەوە پارێزگای سلێمانییە، ڕووبەری ئەم ناحیەیە لە بە پێی ئاماری ساڵی (1977) (598کم$^2$) بووە. (بەشیر صادیق، 2016: 238)

ژمارەی دانیشتوان:

ژمارەی دانیشتوانی قەزای خانەقین تاکو ساڵی (2014) گەیشتۆتە (232967)، کە دەکاتە (15،04%)ی دانیشتوانی پارێزگای دیالە، بێگومان ئەم ڕێژەیەش بە بەراورد بە ساڵانی ڕابردو لە بەرزبونەوەدایە، بەوێنە ژمارەی دانیشتوانی قەزاکە لە ساڵی (2007)دا (179191) بووە، واتە ڕێژەی گەشەی دانیشتوان لەو ماوەیەدا گەیشتۆتە (8،3%). (بڕوانە: عبدالله علی ابراهیم،2015: 20-27)

پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی قەزای خانەقین

قەزای خانەقین بەهۆی پێگە جوگرافییەکەیەوە، بۆتە ناوچەیەکی فرەنەتەوە و فرەزمان و فرەئاین، چونکە هاوسنورە لەگەڵ نەتەوەکانی فارس و کورد و عەرەب و تورکمان. (صلاح الدین انور قیتولی، 2008: 34-35) ئەمەش وایکردوە پێکهاتەیەکی ئاڵۆزی هەبێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناوچەکە مۆرکی کوردبونی پێوەدیارە، بەشێوەیەك کە زۆرینەی دانیشتوانی کوردن و ئینتیمای نەتەوەییان بەهێزە.

ژماری کوردەکان لە ساڵی (1947)دا زیاتربوە لە (80%)ی دانیشتوانی قەزای خانەقین، ساڵی (1957) ئەم ڕێژەیە دابەزی بۆ (58،4%)، پاشان لە ساڵی (1965) ڕێژەکە گەیشتە (54،9%)و عەرەبەکان بون بە (36،3%)و تورکمانەکان بو بە (3،3%)و ئەوانی تر (6،5%)، هەروەها بەپێی ئاماری ساڵی (1977) بەهۆی تێکچونی باری سیاسی و ڕاگوێزان و بە عەرەبکردن و دەربەدەرکردنەوە، ڕێژەی کوردەکان بەتەواوی دابەزی و ڕێژەی عەرەب بەرزبونەوەیەکی بەرچاوی تۆمارکرد، ڕێژەی کورد بو بە (27،2%)و عەرەب (67،8%)و (4،04) تورکمان و (0،7%) کەمە نەتەوەکانی تر. (صلاح الدین انور قیتولی، 2008: 34-35).

ئەگەر بەوردی سەرنجی ژمارەی دانیشتوانی کورد بدەین لە ناوچەکە، دەبینین لە سەرژمێرییە فەرمییەکاندا ڕێژەی کورد بەردەوام لە دابەزیندا بوە، ئەمەش بەهۆی پیادەکردنی سیاسەتی شۆڤینی حکومەتی بەعسەوە بوبەرامبەر بە کورد، لەوانە:

- هێنانی ژمارەیەکی زۆر کرێکارو فەرمانبەری عەرەب بۆ ناوچەکە، بە پێدانی یەکەی نیشتەجێبون و نیشتەجێکردنیان.
- هەزاران خێزانی کوردی فەیلی توشی ڕاگوێزان و دەربەدەری بون و خێزانی عەرەب لە شوێنیان جێگیرکران.
- بەعەرەبکردن و ناچارکردنی کوردە شیعە و یەزیدی و شەبەکەکان بە گۆڕینی ناسنامەیان بۆ عەرەب. (بڕوانە: هەورامان کەمال وتاریق ڕەئوف، 2008: 160-171)

شایەنی باسە لەدوای ڕاپەڕینەوە ناوچەی لێکۆڵینەوە تا ڕادەیەك بوژانەوەی بەخۆوە بینی، ژمارەیەك لە کوردەکان گەڕانەوە سەر زێدی خۆیان و هاوکات بەشێکیش لەو عەرەبانەی کە دەستیان بەسەر خانو وماڵ وموڵکی کوردەکاندا گرتبو ناوچەکەیان بەجێهێشت، واتە بەشێوەیەکی گشتی لە ساڵی (1991) بەدواوە ڕێژەی کورد لە ناوچەکە بەشێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە. (چاوپێکەوتن: ئیبراهیم باجەلان، 2019/1/15)

قۆناغی دووەمی زیادبونی ڕێژەی کورد لە ناوچەکە دەگەڕێتەوە بۆ پاش ڕوخانی ڕژێمی بەعس (2003)، کە گۆڕانێکی سیاسی فراوان ڕویداو لە بواری پەروەردەشدا گرنگییەکی تایبەت بە خوێندنی کوردی دراو ژمارەیەکی زۆر خوێندکار خرانە بەر خوێندن بە زمانی کوردی، تەنانەت ئەگەر سەیری تابلۆی سەر شەقام و دوکان و چێشتخانەو ... بکەین و بەراوردی بکەین لەگەڵ ساڵانی ڕابردودا دەبینین زمانی کوردی بە تەواوی جێی خۆی لەناو خەڵکی ناوچەکەدا کردۆتەوە، ئەگەرچی پێشتر زۆرینەیان خوێندنیان بە زمانی عەرەبی بووە. بەپێی ئاماری ساڵی (2007) کوردەکان زۆرینەن و ڕێژەی (84 %)ی دانیشتوانی ناوچەکە پێکدێنن و ژمارەیان دەگاتە (196.990). (زین احمد النقشبندی وعدنان رحمان، 2015: 155)

تەوەری سێیەم:

ترایگلۆسیا لە ناوەندی قەزای خانەقین

1. زمانی کوردی: وەك پێشتر باسکرا بە درێژایی مێژوو دانیشتوانی ناوچەکە کورد بون و بە زمانی کوردی دواون، لە نێو زمانی کوردیشدا شێوەزارەکانی (کەڵهوری، ماچۆ، لوری، گەرمیانی، سلێمانی)یان بەکارهێناوە، بەڵام لە ناوەندی شاردا زیاتر شێوەزاری کەڵهوری بەکارهاتبو، (چونکە هەریەك لە گەڕەکەکانی (کاریز، بان و خوار، بانمیل، ئەرکەوازی، مەڵك شا) بەو شێوەزارە قسەیان کردوە). (ئومێد بەرزان برزۆ، 2009: 101)

سەبارەت بە (شێوەزاری خانەقینی) کە لە ئێستادا وەك شێوەزارێکی نوێ دەرکەوتووە، مێژوویەکی کۆنی نییە بە بەراورد بە شێوەزارەکانی تری زمانی کوردی، چونکە لە بیست و سییەکانی سەدەی بیستەم شتێك نەبوە بە ناوی (شێوەزاری خانەقینی)یەوە، لەبەر ئەوەی ناوچەکە خاوەنی دیمۆگرافیایەکی هەمەلایەن بووە، بۆیە نەبوە بە خاوەنی شێوەزارێکی تایبەت، کە هەموان پێی بدوێن، بەڵکو هەر تیرەو هۆزێك بە شێوەزاری خۆی قسەی کردووە هەموشیان بەهۆی لێك نزیکی شێوە ئاخاوتنەکەیانەوە لەیەکتر گەیشتون، بەڵام لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم بەدواوە، شێوەزاری خانەقینی سەری هەڵداو گەشەی کرد، لە ئێستاشدا بە یەکێك لە شێوەزارەکانی زاری خوارو هەژمار دەکرێت. (بڕوانە: سەلام ڕەحیم ڕەشید، 2014: 13)

لە ساڵی (2003) بەدواوە لە سایەی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا زمانی فەرمی دامودەزگا فەرمی و نافەرمییەکان و ناوەندەکانی خوێندن و ... کران بە کوردی و ژمارەیەکی زۆر خوێندکاری خانەقینی خرانە بەر خوێندنی کوردی. بێگومان بواری بەکارهێنانی زمانی کوردی بەو شێوە فراوانە لە مێژووی ناوچەکەدا وێنەی نەبووە، بەڵکو پێشتر تەنها تورکی و پاشان عەرەبی زمانی فەرمی و سەرەکی ئاخێوەران بووە و زمانی کوردی تەنها لە سنورێکی تەسك و لەبواری گفتوگۆی ڕۆژانەدا بەکارهێنراوە، بۆیە لە ئێستادا ژمارەیەکی زۆر وشەو زاراوەی عەرەبی و تورکی لەلایەن قسەکەرانی ناوچەکەوە بەکاردەهێنرێت و تەنانەت بەشێکی زۆری کوردەکانی ناوچەکە دەتوانن بە تورکمانی و عەرەبی بدوێن وتێبگەن .

لەوەی باسکرا دەردەکەوێت، کە زمانی کوردی ناوچەکە پێکدێت لە:

- زمانی کوردی (زاری ناوەڕاست) وەك زمانی فەرمی لە بوارە فەرمییەکانی وەك (خوێندن و پەروەردە و وتارو ڕاگەیاندن و ...) بەکاردێت.

- شێوەزاری خانەقینی: وەك شێوەزارێکی ناوچەیی بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکە کۆمەڵایەتییەکان و ئیش و کاری ڕۆژانە بەکاردێت، جگە لەوەش زۆرجار لەبواری هونەر (شیعر و پەخشان)و ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەو گۆڤارەکانیشدا بەکاردەهێنرێت.

2. زمانی عەرەبی: وەك پێشتر باسکرا زمانی عەرەبی لە بیستەکانی سەدەی ڕابردووەوە تاکو ساڵی(2003) جگە لە چوار ساڵی ماوەی خودموختاری (1970-1974) (کە خوێندن بە کوردی بووە) تاکە زمانی فەرمی و سەرەکی ناوچەکە بووە، تاکو ئێستاش چەندین خوێندنگەی سەرەتایی و دواناوەندی و ئامادەیی بە زمانی عەرەبی هەیەو جگە لە خوێندکارانی عەرەب زمان کوردو تورکمانیش کەم تا زۆر منداڵەکانیان دەخەنە بەر خوێندنی عەرەبی، هەروەها تابلۆی سەر شەقام و دوکان و خواردنگە و ... بەشێکی بە عەرەبی نوسراوە، سەرەڕای چەند دامودەزگایەکی فەرمی کە سەر بە پارێزگای دیالەن و زمانی فەرمی عەرەبی بەکاردەهێنن.

3. زمانی تورکمانی: تورکمانەکان کەمە نەتەوەیەکی پێکهاتەی ناوچەکە پێکدێنن و بەپێی سەرژمێری ساڵی (1977) ڕێژەی (4،04%)ی دانیشتوان بوونە. (صلاح الدین انور قیتولی، 2008: 35) بۆیە دەتوانین بڵێین زمانەکەشیان لە سنورێکی تەسکدا (ئاخاوتنی ڕۆژانە) بەکارهاتووە.

لە ئەنجامی تێکەڵاوی و نزیکبونەوەی پێکهاتەکان لەیەکتر و گیانی برایەتی و پێکەوە ژیانەوە، ئەم زمانە ناوچەییە بەنێو زۆرێك لە کورد و عەرەبەکانی ناوچەکەدا بڵاوبۆتەوە، بەجۆرێك کە ئاشنایەتییەکی باشیان لە گەڵیدا هەیەو بووە بە زمانی دوەمیان.

له برگەی (4)ی مادەی (4)ی دەستوری عێراقیدا هاتوه کە زمانی تورکمانی زمانی فەرمییە لەو یەکە کارگێڕیانەدا کە تێیدا زۆرینەی دانیشتوان پێکدەهێنن). (دستور جمهورية العراق، 2005)

هۆکاری پەیدابونی ترایگلۆسیا لە قەزای خانەقین:

1. هۆکاری سیاسی و لایەنی فرە زمانی: ناوچەی لێکۆڵینەوە بە ناوچەی فرەنەتەوە و فرەزمان ناسراوە، چونکە پێکهاتەیەکی ئاڵۆزو هەمەجۆری تێدایە و لەمێژە لەو ناوچەیەدا پێکەوە دەژین، هەریەك لەو نەتەوەو کەمەنەتەوانە زمانی تایبەت بە خۆیان هەیەو لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا بەکاری دەهێنن، وەك زمانەکانی (عەرەبی، کوردی، تورکمانی)، بەڵام لە بواری فەرمی و بەڕێوەبردنی کاروباری میریدا، زمانی عەرەبی لە سایەی حکومەتی عێراقیدا تاکە زمانی فەرمی بووە تاکو پرۆسەی ئازادی عێراق ساڵی (2003).

لە دوای ڕزگارکردنی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، دەستکەوتێکی مەزن لە بواری زماندا بەدەست هات و دەستور لەسەر بنەمای بەڕێوەبردنی فرەزمانی داڕێژرا، واتە نەتەوەکان مافی بەکارهێنانی زمانیان پێدەدرێت لەسەرجەم کایەکانی ژیاندا هەروەك لە مادەی (4)ی دەستوری عێراق (2005)دا هاتوە:

((یەکەم: زمانی عەرەبی و کوردی دوو زمانی فەرمین لە عێراقدا، مافی سەرجەم عێراقییەکان پارێزراوە لە فێرکردنی ڕۆڵەکانیان بە زمانی دایکیان وەك تورکمانی و سریانی لە دەزگاکانی فێرکردنی دەوڵەتدا بەپێی یاسا پەروەردەییەکان، یان بەهەر زمانێکی دیکە لە دەزگاکانی فێرکردنی تایبەتدا.

دووەم: سنوری دەستەواژەی زمانی فەرمی دیاریدەکرێت، چۆنییەتی جێبەجێکردنی حوکمی ئەم مادەیەش بە یاسا ئەم خاڵانە دەگرێتەوە:

أ- دەرکردنی ڕۆژنامەی فەرمی بە هەردوو زمان.

ب- قسەکردن و وتووێژ و دەربڕین لە بوارە فەرمییەکاندا بە هەریەك لە دوو زمانەکە، وەك ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی وەزیران و دادگاکان و کۆنگرە فەرمییەکان.

ت- داننان بە بەڵگەنامە فەرمییەکان و ئاڵوگۆڕکردنی نامە و دەرکردنی بەڵگەنامە فەرمییەکان بە هەردوو زمان.

ث- کردنەوەی قوتابخانە بە هەردوو زمانەکە بەپێی یاسا پەروەردەییەکان.

ج- هەر بوارێکی دیکە کە بنەما یاساییەکان بیگرێتەوە، وەك پارە و پاسەپۆرت.

سێیەم: دامودەزگا فیدراڵییە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان هەردوو زمانەکە بەکاردەهێنن.

چوارەم: زمانی تورکمانی و سریانی دوو زمانی فەرمی ترن لەو یەکە کارگێڕییەکاندا کە تیایدا زۆرینەی دانیشتوان پێکدەهێنن.

پێنجەم: هەر هەرێم و پارێزگایەك مافی ئەوەی هەیە زمانێکی ناوخۆیی دیکە بکاتە زمانی فەرمی، ئەگەر دانیشتوانەکەی لە ڕاپرسییەکی گشتیدا بڕیاریان لەسەردا)). (دستور جمهورية العراق، 2005)

3. هۆکاری جوگرافی: سنوری جوگرافی ناوچەی لێکۆڵینەوە، لەبارە بۆ پەیدابونی ترایگلۆسیا، چونکە هاوسنورە لەگەڵ هەردو وڵاتی زمان جیاواز (عێراق و ئێران) لەلایەك و هەرێمی کوردستان لەلایەکی ترەوە، جگە لەوەش خاوەنی زەوییەکی تەختەو کێو و دۆڵ و پێچاوپێچی سەختی تێدا نییەو ناوچەیەکی ستراتیژی و ناوەندێکی گرنگی بازرگانییە، بۆیە زۆرجار ئاخێوەرانی ئەم پێگە گرنگانە زیاتر لە زمانێك فێردەبن وبەپێی پێویستی خۆیان بەکاری دەهێنن.

ئاخێوەرانی ناوچەی خانەقین جگە لە شێوەزاری ناوچەیی (خانەقینی) پێویستە زمانێکی تر بە باشی بزانن، چونکە سەرجەم دەزگاو ناوەندە فەرمی و نافەرمییەکان بە زمانی کوردین یان بە زمانی عەرەبین، بۆیە بەبێ زانینی هەردوو زمانی ستانداردی (کوردی و عەرەبی) ئیش و کاری فەرمی دانیشتوان بەچاکی جێبەجێ نابێت، ئەمە سەرەڕای بەکارهێنانی زاری ناوچەیی خۆیان لە ئاخاوتن و ڕاپەڕاندنی ئیش و کاری تایبەتی خۆیان.

4. داگیرکاری و ڕاگواستن: هەر لە سەرەتای دروستبونی ڕژێمی بەعسەوە حکومەتی عێراقی سیاسەتی جۆراوجۆری بەکارهێناوە بۆ تواندنەوەی زمانی کوردی لە بۆتەی زمانی عەرەبیدا، ڕاگواستن و بەعەربکردن و گۆڕینی ناسنامە و ئەنفال و کیمیابارانکردن لەلایەك و بەهێزکردن و گشتاندنی زمانی عەرەبی و ناساندنی وەك تاکە زمانی فەرمی سەرجەم گەلی عێراق لەلایەکی ترەوە ڕۆڵی سەرەکییان بینیوە لە لاوازکردنی زمانی کوردیدا، بەتایبەتی لە ناوچە کێشە لەسەرەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، تاکو ئێستاش بە ئاشکرا ئەو کارگەرییانە لە دەروون و ئاخاوتنی خەڵکی ناوچەکەدا هەستی پێدەکرێت، بەوێنە زیاتر لە (15) ساڵە ئەو ناوچانە ڕزگارکراون و لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمدا پشتیوانییەکی باش کراون و چەندین خوێندنگەی کوردی کراوەتەوە، کەچی تا ئێستاش ژمارەیەك لە هاوڵاتیانی ناوچەکە زمانی عەرەبی بە زمانێکی باڵاتر دەزانن لەچاو زمانی کوردیدا، بە بەڵگەی ئەوەی ڕێژەیەکی بەرچاو لە دایك و باوکانی کورد تائێستاش منداڵەکانیان دەخەنە بەر خوێندنی عەرەبی و بەلایانەوە عەرەبی پێگەیەکی کۆمەڵایەتی بەرزتری هەیە و منداڵەکانیان داهاتویەکی باشتریان دەبێت.

5. خوێندن بە زمانی بیانی (عەرەبی): فێربونی زمانی دووەم لە قۆناغی سەرەتاییدا، کاریگەری خراپی هەیە لەسەر زمانی دایك، چونکە دوای فێربونی زمانی دووەم لە خوێندنگاکاندا زۆرێك لە منداڵەکان پشت لە زمانی دایك دەکەن، تەنانەت زۆرجار هەڵوێستی خراپیشیان بەرامبەر بە زمانی بنەڕەتی خۆیان دەبێت. (ئازاد عەزیز سلێمان، 2014: 49)

زۆرینەی دانیشتوانی ناوچەی خانەقین لە کورد و تورکمانەکان ئاشنایەتییان لەگەڵ نوسین و ئاخاوتنی عەرەبیدا هەیە، بۆیە زۆرجار بەبێ سڵکردنەوە منداڵەکانیان دەخەنە بەر خوێندنی عەرەبی، ئەمەش وا لە خوێندکاری کورد دەکات لە ژیانی ڕۆژانەیدا سێ شێوە زمان بەکاربهێنێت (کوردی زاری ناوەڕاست، شێوەزاری خانەقینی، عەرەبی ستاندارد)، بێگومان ئەم دۆخەش زۆرجار ئەرکی خوێندکار قورس دەکات ولەوانەیە نەتوانێت وەك پێویست گرنگی بە زمانی دایك بدات.

زمانی خوێندن پەیوەندییەکی تەواوی بە ئایدۆلۆژیای تاکەوە هەیە، بە جۆرێك کە هەریەك لە زمانەوانان (Crystal، Macarthur، Cheshire، Spolsky) پێیان وایە، ئەوانەی زمانی ئینگلیزی بەکاردێنن، لە پرۆسەی گۆڕینەوەی کۆدی زمانەکەیاندان بە کۆدی زمانێکی بێگانە، ئەگەر ئەم کۆد گۆڕینەوەیە بەشێوەیەکی ناهاوسەنگ و بێ پاساو بێت ئەوا بە گەورەزانینی سیاسەت، ئابوری، سەربازی، زانستی، کولتوری زمانی دووەم و بێگانەیە. بۆ زیاتر شیکردنەوەی ئەم باسە تاقیکردنەوەیەکی (Horn Berger & McKay) بە نمونە دەهێنینەوە ، کە بریتیبو لە ئەزمونێکی زمانی، تێیدا چەند خوێندکارێك لە پرۆسەی فێرکردندا کران بە دوو گروپەوە، گروپێکیان بە زمانی ئینگلیزی دەیانخوێند، ئەوی تریان بە زمانی ئیسپانی. لە ئەنجامدا ئەو خوێندکارانەی بە زمانی ئینگلیزی خوێندبویان زمانەکەیان وەك ستاندارد و زمانی ئەکادیمی لەقەڵەم دەدا، گروپی دووەمیش هەمان تێڕوانینیان بۆ زمانی ئیسپانی هەبو. پاش لێکۆڵینەوە لە چۆنییەتی نرخاندنی هەریەك لە زمانەکان لەلایەن خوێندکارانەوە بینرا، کە بەهۆی زمانی خوێندنەوە ئایدۆلۆجیای خوێندکارانیش گۆڕابو. (ئاڤێستا کەمال مەحمود، 2013: 29-30)

6. هۆکاری ئاینی: ڕژێمی بەعس ئاینی ئیسلامی کردبووە بەهانەیەك بۆ سڕینەوەی ناو و وشە کوردییەکان، ئەگەرچی کورد هاوئاین (موسڵمان)و هاوئاینزا (سونی) بوون لەگەڵ دەسەڵاتی ڕژێمدا، (بەڵام زۆرجار لەژێر پەردەی ئاینی ئیسلامدا هێرش و فشار خراوەتە سەر کوردزمانان بۆ تواندنەوەی زمانی کوردی لە بۆتەی زمانی عەرەبیدا، بەوێنە کاتێك سیاسەتی گۆڕینی ناوی گەڕەك و قوتابخانە و مزگەوت و شارو شارۆچکەو گوندەکانیان دەخستە بواری جێبەجێکردنەوە، داوایان دەکرد ناوە کوردییەکان بگۆڕدرێن بۆ ناوی ئیسلامی نەك عەرەبی). (ئازاد عەزیز، 2014: 56)

7. هۆکاری ڕاگەیاندن: دەزگاکانی ڕاگەیاندن هۆکارن بۆ بڵاوبونەوەی زمان و جێگرکردن و چەسپاندنی، چونکە مەرج نییە هەمو کەسێك خوێندەوار بێت، بەڵام هەمو کەسێك زمان بەکاردەهێنێت بۆ تێگەیاندن و تێگەیشتن، بەتایبەتی لە ڕێگەی دەزگاکانی بیستن و بینینەوە. ( دیاکۆ هاشمی، 2014: 121)

یەكێك لە سیاسەتەكانی ڕژێمی بەعس بۆ لاوازكردن و سڕینەوەی زمانی كوردی، بەكارهێنانی ڕۆڵی ڕاگەیاندن بو، چونكە ئەوكات تەنها زمانی عەرەبی لە ڕۆژنامەو گۆڤارو ڕادیۆو تلفزیۆنەكاندا بەكاردەهێنرا، زۆرێك لە كوردەكانیش هەر لەو ڕێگەیەوە ئاشنایەتییان لەگەڵ زمانی عەرەبیدا پەیدا دەكرد.

لەپاش ڕاپەڕین دەزگاكانی ڕاگەیاندن هۆكارێكی گرنگی گەشەپێدان و بڵاوبونەوەی زمانی كوردی بون، تەنانەت لە ناوچە كێشە لەسەرەكانیشدا كاریگەری خۆی هەبوو، بەڵام لە دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعسەوە ڕاگەیاندن لەو ناوچانەنەدا پێگەیەكی فراوانتری پەیداكرد و چەندین ڕۆژنامەو گۆڤار و ڕادیۆ بەهەردو شێوەی (زاری ناوەڕاست)و (شێوەزاری خانەقینی) لەپاڵ زمانی عەرەبیدا بابەتیان بڵاودەكردەوە، بێگومان ئەم هۆكارانە بون بە مایەی لێكنزیككردنەوەی كوردانی ناوچە كێشەلەسەرەكان و زمانە نەتەوەییەكەیان لەلایەك و كاڵبونەوەی وابەستە بون بە زمانی عەرەبی لەلایەكی ترەوە. پێویستە باسی ئەوەش بكرێت كە ناوچەی خانەقین هەر لەدوای قۆناغی ئازادبونییەوە وردە وردە كەوتە ژێر كاریگەری هەرێمی كوردستانەوە لە زۆربەی بوارەكاندا بە تایبەتی لە بواری پەروەردەو زمان و ڕاگەیاندنەوە.

بەپێی ئەنجامی ئەم توێژینەوەیەو پاش گەڕان و وردبونەوەمان بە بواری ڕاگەیاندن لە ناوچەكەو چاوپێكەوتن لەگەڵ هەندێك لە شارەزایانی بوارەكەدا، بۆمان ڕون بویەوە كە زاری ناوەڕاست ڕوبەرێكی فراوانی گرتووەو هەمیشە لەسەر حسابی شێوەزاری خانەقینی و زمانی عەرەبی لە برەودایە[3]

بواری بەكارهێنانی زمان

لە ناوەندی قەزای خانەقیندا دیاردەی ترایگلۆسیا بەڕونی دیارە، هەریەك لە زمانی كوردی و عەرەبی و شێوەزاری خانەقینی سنوری بواری بەكارهێنانیان جیاوازە، ئاخێوەران هەریەكە لەو شوێنانە بۆ مەبەست و بوارێكی تایبەت و بابەتێكی دیاریكراو بەكاردەهێنن، واتە هەریەكە لەو شێوە زمانانە ئەركێكی كۆمەڵایەتی و یاسایی و فێركاری بەجێ دەگەیەنێت و هاوڵاتییان بە ئاسانی بواری هەریەكەیان جیادەكەنەوە.

لەم توێژینەوەیەدا دیاردەی ترایگلۆسیا لە (8) بواری بەكارهێنانی زمان لە قەزای خانەقیندا بەرجەستە دەكەین، كە لەم خشتەیەی خوارەوەدا خراوەتەڕوو:

| ژ | بوارەكان | ز.كوردی (زاری ناوەڕاست) | شێوەزاری خانەقینی | ز.عەرەبی ستاندارد |
|---|---|---|---|---|
| 1 | گفتوگۆو ئاخاوتنی ڕۆژانە | | + | |
| 2 | پەروەردەو فێركردن | + | | + |
| 3 | خوێندنی باڵا | + | | + |
| 4 | دامودەزگاو فەرمانگەكانی میری | + | | + |
| 5 | وتاری ئاینی (خطبة) | | + | + |
| 6 | ڕاگەیاندن | + | + | + |
| 7 | ئەدەب و هونەر | + | + | + |
| 8 | تابلۆی سەر شەقام و دوكان و خواردنگەو ... تاد | + | | + |

لەبەر ڕۆشنایی خشتەكەدا ڕونكردنەوەو شیكاری هەریەك لەو بوارانە دەخەینەڕوو:

---

[3] - چاوپێكەوتن لەگەڵ بەڕێزان: (د.ئومید شێخ رحیم، م.ی.هێژا كمال، سامان خانەقینی، عباس محمود).

1. بواری گفتوگۆو ئاخاوتنی ڕۆژانە: (شێوەزاری خانەقینی) سەرەکیترین و چالاکترین ئەرکی کۆمەڵایەتی بەجێ دەگەیەنێت، کە بریتییە لە گفتوگۆو ئاخاوتنی ڕۆژانەو ڕاپەڕاندنی ئەرکە کۆمەڵایەتییەکان، بێگومان هەمو نەتەوەو گەلانی تریش بەهەمان شێوەو بۆ هەمان مەبەست زاری ناوچەیی خۆیان بەکاردەهێنن، (Ferguson)زاری ناوچەیی بە (شێوەی نزم) دەناسێنێت و ئاخاوتنی ڕۆژانەو گفتوگۆو ئەدەبی میلی بە ئەرکی سەرەکی ئەو شێوەیە ناودەبات. (لویس جان کالفی، 2008: 78)

زمانی کوردی (زاری ناوەڕاست) و زمانی عەرەبی ستاندارد زیاتر بۆ مەبەستی کاری فەرمی بەکاردێن و ناتوانن ڕۆڵ و ئەرکی شێوەزاری خانەقینی ببینن.

2. بواری پەروەردەو فێرکردن: تاکو پێش پرۆسەی ئازادی عێراق (زمانی کوردی) لە خوێندنگاکاندا قەدەغەکرابو (جگە لە چوار ساڵی ماوەی خودموختاری)، هەروەها چەند خوێندنگەیەکی کەم لە قۆناغە جیاجیاکانداو بەپێی بارودۆخی سیاسی و بەشێوەیەکی کاتی ناوبەناو لەژێر فشاری خەباتی سیاسی و دانیشتوانی ناوچەکەدا بە زمانی کوردی دەکرانەوە (بڕوانە: عزیز یاور، 2009: 235-250) بۆیە دەکرێت بڵێین بە شێوەیەکی گشتی عەرەبی تاکە زمانی پەروەردە بوو، تاکو ساڵی (2004).

بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی خانەقین یەکەم بەڕێوەبەرایەتییە لەسەر ئاستی عێراق، کە لە ساڵی (2004) لەلایەن وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە کرایەوە. ئەم بەڕێوەبەرایەتییە هەر لە سەرەتای کارەکانییەوە کاریگەرییەکی گەورەی هەبو لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندن و فراوانکردنی بواری فێرکردن لە ناوەندی شاری خانەقین و دەوروبەریدا، هەر لەو ماوەیەدا برەو بە زمانی کوردی دراو کرایە زمانی خوێندن لە زۆربەی خوێندنگەکانی ناوچەکەدا، زمانی خوێندنگە کوردییەکان لە ناوەندی قەزاکەدا تاکو ساڵی (2007) گەیشتنە (45) خوێندنگە، لە کاتێکدا خوێندنگە عەرەبییەکان (19) خوێندنگە بون. (بڕوانە: عزیز یاور، 2009: 305-308)

جێی ئاماژەیە لە ساڵی خوێندنی (2005-2006) ژمارەی خوێندکارانی خوێندنی کوردی (6342) خوێندکار بووە، لە بەرامبەردا خوێندنی عەرەبی تەنها (1246) خوێندکاری هەبوە، واتە ڕێژەی خوێندکارانی خوێندنی کوردی (83،57%)بووە، لە بەرامبەردا ڕێژەی خوێندکارانی خوێندنی عەرەبی (16،42%)بووە. (چاوپێکەوتن: کەمال محەمەد غولام، 2017/1/5)

لە ساڵی (2013)دا ژمارەی خوێندنگە کوردییەکان گەیشتە (56) خوێندنگەی سەرەتایی و (1) باخچەی ساوایان لەسەر میلاکی پارێزگای دیالە، هەروەها (24) خوێندنگەی سەرەتایی و (1) باخچەی ساوایان بە زمانی عەرەبی خوێندویانە جگە لە ناحیەی جەلەولاو سەعدییە. (هەمان سەرچاوە).

جێی ئاماژەبۆکردنە ڕێژەی خوێندکارانی خوێندنی کوردی تاکو ساڵی (2016)، کە سنوری توێژینەوەکەمانە، لە ئاستێکی بەرزدا بووە، بە وێنە تەنها لەو خوێندنگە کوردییانەی کە سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی گەرمیانن، ژمارەی خوێندکارانی وەرگیراو لە پۆلی یەکەمی بنەڕەتی (ساڵانی 2015-2016) بریتی بووە لە (248) خوێندکار، هەروەها کۆی گشتی ژمارەی خوێندکارانی بنەڕەتی پۆلەکانی (1-9) لە هەمان ساڵدا (3089) خوێندکار بووە، ژمارەی خوێندکارانی ئامادەییش(پۆلەکانی 10-12) لە هەردو بەشی زانستی و وێژەیی بریتی بووە لە (1305) خوێندکار (بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی گەرمیان-بەشی پلاندانان).

3. بواری خوێندنی باڵا: حکومەتی هەرێمی کوردستان پاش گرنگیدانی بە بواری پەروەردەو فێرکردن و بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندن بە (زمانی کوردی-زاری ناوەڕاست)، لە هەمان کاتدا هەوڵەکانی گەیاندە ئاستی خوێندنی باڵا. دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی لە ساڵی (2004) توانرا (کۆلێجی زمان/ خانەقین/ زانکۆی سلێمانی) بنیات بنرێت، کە یەکەمین کۆلێج بو لە مێژووی ناوچەکەدا، لە ساڵی یەکەمیدا (2004-2005)کە تەنها بەشی (زمانی کوردی)[4] هەبوو، توانی (78) خوێندکار وەربگرێت (عزیز یاور، 2009: 313)، لەو ژمارەیەش (33)یان دانیشتوی ناوشار بون و (45)یان دەرەوەی خانەقین بون، کەمی ڕێژەی خوێندکارانی ناوشار دەگەڕێتەوە بۆ

[4] – ئەوەی پەیوەست بێت بە بواری سنوری ئەم توێژینەوەیەوە زیاتر بەشی زمانی کوردییە، چونکە مەبەستمانە ئارەزوی تاکی کوردی خانەقینی بۆ زاری ناوەڕاست بزانیین، بێگومان لە ڕوانگەی وەرگرتنی خوێندکاری ناوشار لە بەشی زمانی کوردی دەکرێت وەڵامەمان دەستبکەوێت.

چەند هۆکارێك، گرنگترینیشیان ئەوەیە کە پێشتر خوێندن تەنها بە عەرەبی بووە و زاری ناوەڕاست بەلایانەوە نامۆ بووە، هەروەها ئەو خوێندنگە کوردییانەش کە کرابونەوە نوێبون و هێشتا خوێندکارەکانیان لە قۆناغی سەرەتاییدا بون، بۆیە دەبینین لە سەرەتای دامەزراندنی بەشی کوردی کۆلێجی خانەقینەوە تا چەند ساڵێك، ژمارەی خوێندکارانی ناوشار ڕێژەیان زۆر نزمترە بەبەراورد بە خوێندکارانی دەرەوەی شار، بەوێنە ساڵی (2008-2009)[5] و (2009-2010) دا ڕێژەکە بەم شێوەیەی لای خوارەوەیە:

| ساڵی خوێندن | ژ. خ. (بەشی ز.کوردی) | ژ.خ. (ناوشار) | ژ.خ. (دەرەوەی شار) |
|---|---|---|---|
| 2008-2009 | 121 | 2 | 119 |
| 2009-2010 | 71 | 1 | 70 |

کەچی ڕێژەکە لە ساڵانی خوێندنی (2016-2017)، کە بەم شێوەیەی لای خوارەوەیە:

| ساڵی خوێندن | ژ. خ. (بەشی ز.کوردی) | ژ.خ. (ناوشار) | ژ.خ. (دەرەوەی شار) |
|---|---|---|---|
| 2016-2017 | 34 | 15 (%44،11) | 19 (%55،88) |

ئەم ڕێژانە ئەوەمان بۆ دەسەلمێنن کە بونی خوێندنگە سەرەتایی و ئامادەییەکان بە زمانی کوردی دەبنە هۆی گەشەپێدانی زمانی دایك و بەرزکردنەوەی هەستی نەتەوەیی و ئەفراندنی پاڵنەرو ئارەزو لە ناخی تاکی کورددا، بۆ گرنگیدان بە زمانی کوردی و دورکەوتنەوە لە زمانی بیانی.

سەبارەت بە بەشەکانی تری کۆلێجی خانەقین جگە لەبەشی (عەرەبی و ئینگلیزی) واتە بەشەکانی (دەروونناسی و جوگرافی و مێژوو) زۆربەی وانەکان بە زمانی کوردی دەوترێنەوە، ئەمە سەرەڕای نوسراوە فەرمییەکانی کۆلێج، کە سەرجەمیان بە کوردییە.

هەردو پەیمانگای وەرزشی خانەقین(2007-2008) و پەیمانگای هونەرە جوانەکان(2004-2005) لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە لە ناوەندی قەزای خانەقین کرانەوە، هەر لە سەرەتاوە زمانی خوێندنیان بەشێوەیەکی گشتی کوردی بووە. (بڕوانە: عزیز یاور، 2009: 317-321)

لەڕوانگەی ئەوەی باسکرا دەردەکەوێت، کە زمانی کوردی هەنگاوی زۆرباشی ناوە لە بواری خوێندندا چ لەبواری پەروەردەو چ لەبواری خوێندنی باڵادا، بە هۆیەوە توانیویەتی پێگەی خۆی بە تەواوی لە ناوچەی خانەقیندا بچەسپێنێت و بەکارهێنانی زمانی عەرەبی لەو بوارانەدا سنوردار بکات و باڵادەستتر دەربکەوێت. ئەگەر بەوشێوەیە بڕوات زمانی کوردی دەتوانێت لە چەند ساڵی داهاتودا برەوی زیاتر بەخۆی بدات و بەتەواوی پێگەی زمانی عەرەبی لاواز بکات.

4. بواری وتاری ئاینی (خطبة): وتاری ئاینی وەك هەر بوارێکی تر تاکو پێش ساڵی (2003) تەنها بە زمانی عەرەبی پێشکەش کراوە، بەڵام لەو قۆناغە بەدواوە، دۆخەکە تارادەیەك گۆڕانی بەسەردا هات، شێوەزاری خانەقینیش لە هەندێك لە مزگەوتەکاندا بە هاوبەشی لەگەڵ زمانی عەرەبیدا بوە بە زمانی وتاری ئاینی، بە واتایەکی تر نیوەی وتارەکە یان دەقە ئاینییەکان بە زمانی عەرەبی دەخوێنرێتەوەو پاشان ڕاڤەو ڕونکردنەوەکە بە شێوەزاری ناوچەیی پێشکەش دەکرێت، یاخود نیوەی وتارەکە بە زمانی عەرەبی و نیوەکەی تری بە شێوەزاری ناوچەیی پێشکەش دەکرێت.

لە سنوری ناوەندی قەزای خانەقین و گوندەکانی دەوروبەریدا (69) مزگەوت بونی هەیە، لەو ژمارەیەش تەنها (40) مزگەوت وتاری هەینی تێدا دەوترێتەوە، ژمارەی ئەو مزگەوتانەی کە تەنها زمانی عەرەبی تێدا بەکاردەهێنرێت بریتین لە (24) مزگەوت، لە بەرامبەریشدا (16) مزگەوت بە شێوەزاری خانەقینی وتاری هەینی تێدا دەوترێتەوە، بەڵام زاری ناوەڕاست بەهیچ شێوەیەك بەکارناهێنرێت[6]، چونکە زۆرینەی دانیشتوانی ناوچەکە خوێندنیان بە عەرەبی بووەو زمانی ئاینیش هەر عەرەبییە، جگە لەوەش تاکو

[5] زانیارییەکانی پەیوەست بە خوێندکارانی ساڵی (2008–2009)و (2009–2010)و (2016–2017) لە (بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی خانەقین–بەشی پلاندانا) وەرگیراوە.

[6] لە (تیبینەرایەتی وەقفی سونی خانەقین) وەرگیراوە.

ئێستا زۆرینەی ئاخێوەرانی ناوچەکە بە چاکی لە زاری ناوەڕاست ناگەن و ناتوانن بە ئاسانی بەکاریبهێنن، لەبەر ئەم هۆکارانەیە شێوەزاری خانەقینی بوە بە زمانی وتاری ئاینی و زاری ناوەڕاست نەیتوانیوە ئەو ڕۆڵە بگێڕێ، لە کاتێکدا (فێرگوسۆن) بواری وتاری ئاینی (بە یەکێك لە ئەرکەکانی زمانی باڵا هەژمارکردووەو پێی وایە زاری ناوچەیی (شێوەی نزم) ئەو ئەرکە بەجێناهێنێت). (بڕوانە: لویس جان کالفی، 2008، 78)

5. بواری ڕاگەیاندن: زمانی کوردی لە بواری ڕاگەندندا لە پاش پرۆسەی ئازادییەوە بەکارهێنراو وردەوردە گەشەو پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆوە بینی، هەر لەو ماوەیەدا دو کەناڵی تەلەفزوێنی ناوخۆیی بە ناوەکانی (گەلی کوردستان-کەناڵی خانەقین)و کەناڵی (STV) کرانەوە، کە بە زمانی کوردی هەواڵ و بەرنامەیان پێشکەش دەکرد لەگەڵ چەند بابەت و بەرنامەیەکی کەم بە زمانی عەرەبی، دەتوانین بڵێین نزیکەی (70%)ی زمانی سەرجەم بەرنامەو پێشکەشکراوەکان بە زمانی کوردی زاری ناوەڕاست بو، نزیکەی (20%)یش بە زمانی عەرەبی پێشکەشدەکرا، ئەو ڕێژەیەش کە دەمێنێتەوە (10%) تەرخانکرا بوو بۆ هەندێك بابەتی شانۆو کەشکۆڵ و کورتەفیلم بە شێوەزاری خانەقینی، کە گوزارشت بو لە کۆمەڵێك دابونەریت و لایەنی کۆمەڵایەتی ناوچەکە. (چاوپێکەوتن: هێژا کەمال محەمەد، 2019/1/3).

ژمارەیەك کەناڵی ڕادیۆی ناوخۆیی کرانەوە، لەوانەش (مەدەنییەت، ڕادیۆی خانەقی، دەنگی کوردستان، ئیدارەی خانەقی)، جگە لەوانەش کۆمەڵێك ڕۆژنامە بە ناوەکانی (کەلات، بانان، دەنگی نیشتمان، خانەقینی ئازاد، سیروان، ...) لەگەڵ گۆڤارێك بە ناوی (وریزا) دەردەچون. زمانی نوسینی ئەم گۆڤار و ڕۆژنامانەش بە شێوەیەکی گشتی زمانی کوردی (زاری ناوەڕاست) بوو، بە ڕێژەیەکی کەم زمانی عەرەبی و شێوەزاری خانەقینی بەکارهێنراوە. (چاوپێکەوتن: عباس محمود، 2019/1/7) بۆیە دەکرێت بڵێین بە شێوەیەکی گشتی زمانی ڕاگەیاندن بە زاری ناوەڕاست پێشکەش کراوەو بەشێکی کەمیش تەرخانکراوە بۆ زمانی عەرەبی و شێوەزاری خانەقینی، کە پێویستی کۆمەڵ و ئەو قۆناغە مێژووییە سەپاندبونی. پێشبینی دەکرێت لە داهاتودا خانەقینیش وەکو ناوچەکانی تری هەرێم زمانی کوردی (زاری ناوەڕاست) ببێت بە زمانی سەرەکی ڕاگەیاندن تێیداو چیتر واز لە زاری ناوچەیی بهێنرێت.

6. دامودەزگاو فەرمانگەکانی میری: بەشێوەیەکی گشتی لە دامودەزگاو فەرمانگەکانی میریدا زمانی کوردی نەیتوانیوە هاوشانی زمانی عەرەبی ئەرکە کارگێڕییەکان ڕاپەڕێنێت چ لە کۆن و چ لە ئێستاشدا، بەوێنە ئەگەرچی دوای ڕاپەڕینی بەهاری (1991)هوە هەرێمی کوردستان بو بە خاوەنی دەسەڵات و حکومەتێکی کوردی و زمانی کوردیش کرا بە زمانی فەرمی ئەم هەرێمە، کەچی ناسنامەی باری کەسی و ڕەگەزنامەی عێراق و پسولەکان و ...، تا ئێستا بە عەرەبییە، هەروەها چەندین زاراوەی عەرەبی لە نوسراوە کوردییەکاندا بەکاردەهێنرێن و جێگرەوەیان بۆ دانەنراوە، لەوانە (ادخال مخزنی، ئەوقاف، تەجهیزات، ئیدارە، ...)، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە زمانی کوردی خزمەت نەکراوەو هەر بە لاوازی ماوەتەوە، بەڵکو توانیویەتی لە سەرجەم بوارەکاندا ببێتە زمانی فەرمی حکومەتی هەرێم بە تێکڕای بەڕێوبەرایەتی و یەکە کارگێڕییەکانەوە، هەروەها لە دوای ساڵی (2003)هوە لەپاڵ زمانی عەرەبیدا بوە بە زمانی فەرمی دامودەزگا حکومییەکانی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم.

قەزای خانەقین زیاتر لە (15) بەڕێوبەرایەتی و یەکەی ئیداری و فەرمانگەی میری تێدایە، کە عەرەبی و کوردی زمانی سەرەکی نوسینی نوسراوە فەرمانەکانن، بە واتایەکی تر سەرجەم ئەو فەرمانگانە بۆ سەر دولقی کوردی (سەر بە حکومەتی هەرێم) و عەرەبی (سەر بە پارێزگای دیالە) دابەشبون، بۆ نمونە دوبەڕێوبەرایەتی پەروەردە لە ناوەندی قەزای خانەقیندا بونی هەیە:

1. بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی خانەقین، سەربە حکومەتی هەرێمی کوردستانەو سەرجەم نوسراو و فەرمان و ڕێنماییەکانی بە زمانی کوردییە، تەنها ئەو نوسراوانە نەبێت کە ئاراستەی فەرمانگەکانی سەر بە پارێزگای دیالە دەکرێت بە زمانی عەرەبی دەردەچوێنرێت.
2. المديرية التربية خانقين، سەر بە حکومەتی ناوەندییەو سەرجەم نوسراو و فەرمان و ڕێنماییەکانی بە زمانی عەرەبییە.

هەماهەنگی و ڕێککەوتن لە نێوان فەرمانگەکاندا بە ڕادەیەکی باش دەبینرێت، بەجۆرێك کە ئەگەر فەرمانگەیەك نوسراو ئاراستەی قایمقامییەتی قەزای خانەقین (بەنمونە) بکات، بە هەمان زمانی (کوردی یان عەرەبی) قایمقامییەتی قەزای خانەقین وەڵامی نوسراوەکە دەداتەوە.

7. ئەدەب و هونەر: ئەدەب و هونەر دوژانەری هەڵقوڵاوی نێو کۆمەڵن وگوزارشت لە بارودۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوری و ژیانی گشتی خێزانەکان دەکەن و بە شێوازێکی ئەدەبی بەرز و سەرنج ڕاکێش وکاریگەر دەسازێنرێن وپێشکەش دەکرێن.

لە قەزای خانەقیندا هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی شانۆو سینەماو دراماو کەشکۆڵەوە تاکو پێش پرۆسەی ئازادی زمانی عەرەبی باڵی بەسەر بوارەکانی ئەدەب و هونەردا کێشابو، پاش پرۆسەی ئازادی و بە کرانەوەی قەزاکە بەڕو هەرێمی کوردستاندا شانۆو دراماو کەشکۆڵ بە شێوەزاری خانەقینی لە شاشەی تەلەفزیۆنە ناوخۆییەکانی ئەوکاتەوە پێشکەش دەکران، هەر لەو ماوەیەدا چەندین دەق شیعری بە شێوەزاری خانەقینی نوسرانەوە (جگە لەچەند دەقێکی کەم نەبێت کە بە زاری ناوەڕاست بووە)، هەرچی زمانی عەرەبییە، تا ڕادەیەکی باش هاوشانی شێوەزاری خانەقینی بەکاردەهات، بەڵام لە ئێستادا زمانی عەرەبی بەو ڕادەیە لە بواری هونەرو ئەدەبدا بەکارنایەت، شاعیرانی ناوچەکە بە شێوەزاری ناوچەیی خۆیان بەرهەمەکان دەخەنە بەردەستی خوێنەران[7].

8. تابلۆی سەر شەقام و دوکان و... : لە دوای پرۆسەی ئازادی عێراقەوە شارەوانی خانەقین بە شێوەیەکی سیستماتیك هەستا بە ڕێنماییکردن و ئاگەدارکردنەوەی بازاڕی کارو دوکان و چێشتخانەو سەرجەم شوێنە گشتییەکان کە تابلۆکانیان بە زمانی کوردی هەڵبواسن، هاونیشتمانیانیش بە شێوەیەکی ئەرێنی وەڵامی ئەو داواکارییەیان داوەتەوە، بە کاریگەری هەستی نەتەوەیی هاونیشتمانیان لە ئێستادا بەشێکی زۆری تابلۆکان کراون بە زمانی کوردی و بەشێکیشیان هەر بە زمانی عەرەبی ماونەتەوە. (چاوپێکەوتن: ئیبراهیم باجەلان، 2019/1/15).

لە نێو تابلۆ کوردییەکاندا بە فۆنتی بچوکتر یان لە خوارەوەی تابلۆکە هەمان نوسین بۆ عەرەبی وەرگێڕاوە، بە وێنە: (چێشتخانە = مطعم)، (وێنەگر = مصور) و... تاد، بێگومان ئەمەش شتێکی ئاساییە، تەنانەت لە زۆربەی شارو شارۆچکەکانی هەرێمیشدا ئەو دیاردەیە بونی هەیە، سەرەڕای ئەوەش زانراوە کە کوردی و عەرەبی دو زمانی فەرمی گەلی عێراقە، هەروەها زۆرجار ئەو تابلۆیانە دەبنە هۆی ئاسانکاری و بەرچاوڕونی بۆ هاوڵاتیانی عەرەب لە لایەك و سودمەندبونی خاوەن دوکان و پیشەوەران لە لایەکی ترەوە.

## ئەنجامەکان

گرنگترین ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە:

1. ترایگلۆسیا بە ڕونی لە قەزای خانەقیندا دەردەکەوێت، واتە زمانی کوردی و زمانی عەرەبی و شێوەزاری خانەقینی زۆرترین بەکارهێنەریان هەیە وسەرجەم بوارەکانیان گرتۆتەوە.
2. هۆکارە سەرەکییەکانی پەیدابونی ترایگلۆسا لە قەزای خانەقین بریتین لەهۆکاری: (سیاسی، فرەنەتەوەیی و فرەزمانی، جوگرافی، داگیرکاری و ڕاگواستن، خوێندن بە زمانی بیانی، ئاین، ڕاگەیاندن).
3. ڕادەی بەکارهێنانی هەردو زمانی (کوردی و عەرەبی)و شێوەزاری خانەقینی لە ناوەندی قەزای خانەقیندا لە کۆی هەشت بواردا بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

- لە بواری گفتوگۆو ئاخاوتنی ڕۆژانەدا: تەنها زاری ناوچەیی (خانەقینی) بەکاردەهێنرێت.
- لە بواری پەروەردەو فێرکردندا: هەردو زمانی (کوردی و عەرەبی) بەکاردێن، بەڵام زمانی کوردی تاڕادەك باڵادەسترەو بەردەوامیش لە برەودایە.

---

7 – بۆ ئەم باسە گفتوگۆو چاوپێکەوتنمان لەگەڵ زیاتر لە چوار کەسایەتی دیاری قەزاکەدا کردووەو هەموویان جەختیان لەسەر ئەوە دەکردەوە، کە زۆرترین بەرهەمی ئەدەبی و هونەری بە شێوەزاری خانەقینی بڵاو دەبێتەوە. (چاوپێکەوتن: ئیبراهیم باجەلان، م.هێژا کمال، سامان خانەقینی، عباس محمود).

- لە بواری خوێندنی باڵادا: هەردو زمان (کوردی و عەرەبی) بەکاردێن، بەڵام زمانی کوردی بەجیاوازییەکی بەرچاو باڵادەستترە.
- لە دامودەزگاو فەرمانگەکانی میریدا: هەردو زمانی (کوردی و عەرەبی) بەکاردەهێنرێن و دەکرێت بڵێین لە یەك ئاستدان.
- لە بواری ئەدەب و هونەر: هەردو زمانی (کوردی و عەرەبی) و(شێوەزاری خانەقینی) بەکاردێن، شێوەزاری خانەقینی باڵاترینە و هەردو زمانی (کوردی و عەرەبی) بە کەمی بەکاردێن، زمانی کوردیش لە عەرەبی زیاتر بەکاردێت.
- لە وتاری ئاینیدا (زمانی عەرەبی و شێوەزاری خانەقینی) بەکاردەهێنرێت و بەپێی ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە بەڕێژەی (60%)ی وتارەکان بە زمانی عەرەبی و ڕێژەی (40%)یش بە شێوەزاری خانەقینی پێشکەش دەکرێن.
- لەبواری ڕاگەیاندن: هەردو زمانی (کوردی و عەرەبی)و شێوەزاری خانەقینی بەکاردەهێنرێن، زمانی کوردی باڵادەسترینە، زمانی عەرەبی و شێوەزاری خانەقینی بەرێژەیەکی کەم بەکاردەهێنرێن.
- تابلۆی سەر شەقام و دوکان و...: زیاتر بە زمانی کوردی دەنوسرێنەوە بەڵام زمانی عەرەبیشی تێدایە، تەنانەت ژمارەیەك لە تابلۆکان تەنها بە زمانی عەرەبین.

سەرچاوەکان

ا- بە کوردی


1. ئاڤێستا کەمال مەحمود، 2013، خوێندن بە زمانی کوردی لە خوێندنگاکاندا و کاریگەری لەسەر دروستکردنی جۆراوجۆری زمانی و ناسنامەی نەتەوایەتی، کۆنفراسی زانستی ساڵانەی زمانی کوردی (پەروەردە-میدیا) 2012.
2. ارا عەلی ئەحمەد، 2015، دایگلۆسیا و بلینگوالیزم ل هەرێما کوردستانێ، دکتۆرا، فاکۆلتییا زانستێن مرۆڤایەتی، زانکۆیا دهۆك.
3. ئازاد عەزیز سلێمان، 2014، ململانێی زمان: زمانی کوردی لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بە نمونە، ماستەر، کۆلێژی پەروەردە- زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
4. ئومێد بارزان برزو، 2009، ڕێزمانی جێناو لە شێوەزاری خانەقینیدا، چ. چوارچرا، سلێمانی.
5. بشیر صادق، 2016، ناوچە جێناکۆکەکان، چاپی یەکەم، زنجیرەی کتێبی ڕۆشنبیری- داود.
6. بێستون ئەبوبەکر عەلی، 2015، دەرکەوتەی دووديوی زمانی لە کۆمەڵە ئاخاوتنییەکاندا، ماستەر، سکوڵی زمان-فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.
7. دیاکۆ هاشمی، 2014، ئاخافتنێك لەگەڵ بەڕێز دیاکۆ هاشمی دەربارەی چۆنیەتی چێکردنی زمانی ستانداردی کوردی، گۆڤاری زمانناسی، ژ(15)ی2014.
8. سەرکەوت عەبدوڵا دەروێش، 2014، شوێنی جوگرافی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و کاریگەری لەسەر دۆزی کورد لە عێراق، ماستەر، کۆلێژی ئەدەبیات- زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
9. سەلام ڕەحیم ڕەشید، 2014، یاسا فۆنۆلۆجییەکان لە شێوەزاری خانەقیندا، ماستەر، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە.
10. لویس جان کالفی، 2012، شەڕی زمان و سیاسەتی زمانەوانی، و: بەهادین جلال، چاپی یەکەم، چاپخانەی دهۆك.
11. نەسرین نوری عەبدوڵا، 2016، کاریگەری زمانە دراوسێکان لەسەر شێوەزاری خانەقین، ماستەر، سکوڵی زمان-فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.
12. هەورامان کەمال میرزا عەبدوڵا و تاریق ڕەئوف محەمەد، 2008، ناوچەکانی ململانێ لە نێوان کوردو حکومەتەکانی عێراقدا، سلێمانی.


سەرچاوەی تر

1. چاوپێکەوتن: ئیبراهیم باجەڵان، نوسەرو ڕۆشنبیری ناسراوی خانەقین (2019/1/15) .
2. چاوپێکەوتن: کمال محمد غلام، سەرپەرشتیاری پەروەردەیی یەکەم-پەروەردەی خانەقین (2017/1/5) .
3. چاوپێکەوتن: م.ی.هێژا کەمال محەمەد، مامۆستای زانکۆو ڕۆژنامەنوس - خانەقین (2019/1/3).
4. چاوپێکەوتن: عباس محمود، ڕۆژنامەنوسی دیاری خانەقین (2019/1/7) .
5. چاوپێکەوتن: د.ئومێد شێخ ڕەحیم، مامۆستای زانکۆو شارەزای بواری ڕۆژنامەوانی - خانەقین (2019/1/8) .
6. سامان خانەقینی، شاعیرو ڕۆشنبیر – خانەقین (2019/1/6).
7. بەڕێوبەرایەتی گشتی پەروەردەی گەرمیان - بەشی پلاندانان.
8. بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی خانەقین - بەشی پلاندانان.
9. تێبینەرایەتی وەقفی سونی خانەقین، چاوپێکەوتن و وەرگرتنی زانیاری.

ب - بە عەرەبی

1. د. ابراهيم صالح فلاى، 1996، ازدواجية اللغة النظرية والتطبيق، الطبعة ألاولى، الرياض.
2. خليل ابراهيم محمد(د)، 1977، قضاء خانقين - دراسة فى جغرافية السكان، الطبعة الأولى، مطبعة العانى، بغداد.
3. زبن أحمد النقشبندى و عدنان رحمن، 2015، مختصر تاريخ خانقين عبر العصور حتى الوقت الحاضر، بغداد.
4. عبدالله على ابراهيم، 2015، تحليل خريطة مستويات المعيشة للأسر فى قضاءى خانقين و كلار لعام 2014، ماجستير، كلية الأداب، جامعةبغداد.
5. عزيز ياور، 2009، التعليم وفصول من تأريخ مدارس خانقين(1887-2007م)، موسسة حمدى للطباعة و النشر، سليمانية.
6. صلاح الدين أنور قيتولى، 2008، تعريب قضاء خانقين من منظور جيوسياسى، الطبعة الاولى، مطبعة تيشك، سليمانية.
7. لويس جان كالفى، 2008، حرب اللغات والسياسات اللغوية، ت: حسن حمزة، الطبعة الاولى، المنظمة العربية للترجمة، بيروت.

ت - بە ئینگلیزی

1. IMPLEMENTING MOTHER-TONGUE EDUCATION AMIDST SOCIETAL.
2. Johnson, Bruce C. 1975.
3. Johnson, Bruce C. 1975. Stable Triglossia at Larteh, Ghana, North Carolina University Ph.D. dissertation.
4. So, Daniel W. C, (1989) Implementing mother-tongue education amidst societal Language and Education.
5. Johnson, Bruce C. 1975. Stable Triglossia at Larteh, Ghana, North Carolina University Ph.D. dissertation .

پ - ئینتەرنێت

1. دستور جمهورية العراق، 2005 https//WWW. Hjc.iq .
2. https://www.blogarama.com/arts-and-entertainment-blogs/193152-tanvirs-blog/257179-diglossic-situation-bangladesh.
3. .https://www.asha.org/practice/multicultural/issues/bll.htm
4. .https://www.asha.org/practice/multicultural/issues/bll.htm